# بۆ "بیکەر هامیلتۆن" پیرە پیاوێکی پاشماوەی شەڕی سارد و بۆ "باباعەلی میێهرپەروەر" گەورە مرۆڤی کورد

## کوڕە شەهیدێك

بەپێی راگەیەندراوی کارەساتساز و هەڵوێستی لە پڕ و نابەجێی ناوخۆیی و دەرەکی، چارەنووسی نەتەوەیی گەلی کورد، جارێکی دیکەش دەکەوێتە بەر مەترسییەکی هەستپێکراو، لە گەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەڵویستێکی بوێرانە و گونجاو هەیە، پڕخەی شەقامی کوردی، خەریکە دەستکەوتەکانی باشووری وڵات و خەباتی رزگاریخوازانەی کەرتەکانی دیکەی کوردستان بەرەو سەرابێکی نادیار دەبات.

لەوانەیە تێکەڵکردنی باسی راپۆرتەکەی "لێژنەی بیکەر هامیلتۆن" و هەڵویستەکانی سەرکردایەتی هەردوو باڵی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، و راگەیاندنی راگراتنی خەباتی گەورە مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ "لە چوارچێوەی حزبایەتیدا"، لە گۆڕەپانی دیالۆگی سیاسی و هاوکێشە پۆلیتیکاڵەکاندا نەگونجێ و خوێندنەوەیەکی چەوتی لە سەر بکرێ، بەڵام ئەمە هەرلەجێدا بەراوردێکە لەسەر ئەو هەڵوێستە لەپڕ و لەناکاوانەی کە چارەنووسی نەتەوەی هەرگیز نەحەساوەی کورد، بۆ جارێکی دیکەش دەخاتە بەر جرومەنگەنەوە!

لە بەرامبەر راپۆرتەکەی "بیکەر هامیلتۆن"دا (24) سەنتەر و رێکخراوی حزبی و مەدەنی، نامەیەکی کراوە و یاداشتێکی هاوبەش، ئاراستەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن و لایەنگرەکانیان هیچیان لە سەر شەقامی کوردی ئامادە نابن!

یاداشتنامەیەك بە واژووی (24) لایەن، ئاراستەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکرێ و وێنەیەکی ئەو یاداشتنامەیەش دەخرێتە بەر چاوی سەرۆکی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و کۆنگریسی ئەمریکی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و لێژنەی لێکۆڵینەوەی (بیکەر هامیلتۆن)، سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ و پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ، بەڵام لە شەقامی کوردی پەپوو دەخوێنیَ!!

سەرۆکی کوردستان و سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ، وشیارانە بەرپەرچی رەهەندەکانی راپۆرتەکەی "بیکەر" دەدەنەوە و هەڵویستی لەسەر دەگرن، لێ لە حاڵێکدا کە لە ئاستی دونیادا، رای گشتی چاودێریی شەقامەکان و دەنگ هەڵبڕینی جەماوەر دەکات، هیچ شەقامێکی کوردی لە ئاستی مەزادخانە و دەلاڵخانەیەکی شاردا جمەی نەهات !!

لێژنەی بیکەر هامیلتۆن بێ ئەوەی ئاوڕێك لە کوردستان بدەنەوە و تەنانەت سەردانێکی بکەن، هەڕەمەکی راپۆرتێکی سەقەت بۆ سەرەوەی خۆیان بەرز دەکەنەوە و هەموو هاوکێشەکانی ناوچەکە چەواشە دەکەن! ئەو لێژنەیە بە راپۆرتە چەوت و چەوێڵەکەی، خۆی دەکاتە قێخای ئەو جیهانەی کە بە "گوندێکی گەورە" ناسراوە و بە ئارەزووی خۆی "گوریسەکە دەکاتەوە بە خوری"، بەڵام شەقامی کوردی نەهاتە لەرزە! وەك بڵێی ئەو لێژنەیە باسی چارەنووسی کوردی لە کوولەکەی تەپیشدا نەکردبێت!!

بڕیار و راسپاردەکانی ئەو لێژنەیە نەك "کلیلی چارەسەری ئاسایشی عێراق" نییە، بەڵکو یاری کردنە بە ئاگر و گڕکانێکە بۆ گیانی چارەنووسی کورد و ناهەموارکردنی رەوشێکە کە هەتا هەنووکەش ئۆمێدی ئەوەی لێدەکرێ، لە سەکۆی گفتوگۆدا کێشەکان چارەسەر بکرێن، بەڵام شەقامی کوردی هەر پرخەی دێ!!

دواخستنی جێبەجێکردنی مادەی 140 و ئەو هەستیارییەی لەو بوارەدا لە سەر دۆزی عێراق بەگشتی و لە سەر کوردستان بە تایبەتی دروستی کردووە، هەروەها گێڕانەوەی داهاتی نەوت بۆ ژێر کۆنترۆڵی دەسەلاتی ناوەند و مەودا دان بە ولاتانی دراوسێ بۆ دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق و لادان لە دەستووری هەمیشەیی عێراق کە پتر لە 80٪ دانیشتووانی ئەو ولاتە دەنگیان پێداوە، گاڵتە کردنە بە عەقڵی کورد و گەلانی دانیشتووی عێراقی فیدراڵ، کەچی شەقامی کوردی نرکەی نەهات!

لە لایەکی ترەوە، لەچڵەپۆپەی چاوەڕوانییەکانی سەرجەم نەتەوەی کورد لە هەموو کەرتەکانی کوردستانی دابەشکراودا، بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی و یەکخستنی ناوماڵی کورد و یەکڕیزیی خەباتی رزگاریخوازی بۆ رەهایی لە بندەستی و زەلیلی و پەستی، هەر دوو باڵی زۆرینە و کەمینەی حزبێکی خاوەن 60 ساڵ خەباتی پڕ لە قوربانی و فرمێسکی دایکوباوکی شەهیدان و رۆڵەی بێ باوك کراوی کورد، داگیرکەرانی کوردستان بەلاوە دەنێن و خۆیان بە دابەشکردنی داهات و سەروەت و سامان و بنکە و بارەگە و "چواربەن"ەکانی سەرکردایەتی حزبەوە سەرقاڵ کردووە و لەوانەیە لە سەر دەست بەسەرداگرتنی کەناڵی ئاسمانی "تیشك" کە تیشکی نێو دڵی بیسەری کورد بوو، دەستیان بە خوێنی یەکتر سوور بکەن و ئەزموونی تاڵی لێکترازانەکانی دیکەیان دووبارە بکەنەوە، بەڵام هاوولاتییەك لە هیچ کەرتێکی کوردستاندا، نەهاتە سەرشەقام!

لە حاڵێکدا کە حزبی دیموکراتی کوردستان لە دوای کۆنگرەی 4 و 8 دوو ئەزموونی تاڵی جیابوونەوەیان هەیە و چیدی ئەم هەڵەیە ناچێتە خانەی پەند وەرگرتنەوە، چونکە دووبارە کردنەوەی ئەزموونەکان، شتێکە .....کە نە لەوان دەوەشێتەوە و نە خامەی منی کوڕە شەهیدی جگەر خوێن، دەتوانێ بە بێ شەرم باسی بکات، کەچی تاقە کەسێك بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆی نەهاتە سەر شەقام! خۆ ئەگەر لایەنێکی تەواو کوردستانیش نەبایە، دەبوا کفنێکمان بۆ باڵای خەباتی نەتەوایەتی ئامادە کردبا و قەنارەیەکمان بۆ کوردایەتی لە رۆژهەلاتی ولاتەکەمان هەڵخستبایە.

دوابەدوای راگەیاندنی لەتبوونی "حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" لە لایەن هەردوو باڵی حزبەکەوە، "عەلی مێهرپەروەر" ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکرات کوردستان لە بەیاننامەیەکدا راگرتنی تێکۆشانی سیاسی خۆی لە "چوارچێوەی حزبایەتیدا رادەگەیێنیٚ، خەڵکیك ئەوە بە هەڵهاتن لە کێشەکە و شان لە ژێر باری بەرپرسایەتی خاڵی کردن دەزانن، کە پێیانوایە دەبوا بمابایەتەوە و رەوشەکەی هێورتر بکردبایە، بەڵام ئەز پێموایە هەموو هەوڵەکانی بیٚ ئاکام بوون، دەنا هیچ شۆڕشگێڕێك تەمەنی دەیان ساڵ خەباتی خۆی لە خۆڕا لە لوتکەوە بەرەو بنار گلار ناکاتەوە، کاتێك تەنها داشێکی خەوتوو ( – )، حزبێکی بەتەمەن و جەماوەری لەت دەکات و دەرگەی هەموو دیالۆگێك بۆ نەهێشتنی ناکۆکی نێو خۆیی دادەخات، کاتێك هەردووباڵی حزبێك لە سەر بنەمای تیۆر و ئامانجەکانی حزبی پێدا دەگرن و خۆیان بەرامبەر بە خوێنی گەشی شەهیدەکانیان بە بەرپرسیار دەزانن، کاتێك ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی هەردوو باڵەکە هەر "کوردستان"ە غەدر لێکراوەکەیە، کاتێك دروشمەکان بە لاوە دەنرێن وخوێنی شەهید دابەش دەکەن و تەرمی شەهیدان لەت دەکریٚ، هیچ ریگەیەك بۆ ئەو کەسە نامێنێتەوە کە پیرۆزیی بەو ئاکار و کردارانە ببەخشیٚ، بۆیە مانگرتن و دەست لە کار کشانەوە و لە دژی پاوانخوازی راوەستان، ئەو پەڕی کەرامەتە و لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، خەونووچکە و وەنەوز، شەقامی کوردیی کپ و بێدەنگ کردووە!!

دانانی داشێك ( – ) بۆ جیا کردنەوەی کوردستان لە ئێران ، ئامانجێکی بەرز و پیرۆزە، بەڵام خودی ئەوەش، ناتوانیٚ هیچ پاساوێك بۆ نەبوونی دەسەڵاتخوازی بێنێتەوە، چونکە هەردوو باڵی حزب بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە پرینسیپەکانی حزبی لایان نەداوە و هیچ کێشەیەکی سیاسی و تیۆریکیان نییە، بۆیە وەك کوڕە شەهیدێکی حزبی دیمۆکراتی کوردستان کە هەر گیز بڕاوام بەوە نەبووە ئێران کوردستانێکی هەبوویٚ و کوردستان لەوە گەورەترە بۆ هەتایی بە بندەستی و داگیرکراوی بمێنێتەوە، ناچارم بە هاوپۆلەکەی باوکی شەهیدم، بڵێم : ئەمە زریکەی رۆحی هەزاران باوکی شەهیدە و زاخاوی خامە شکاوەکەی دەیان هەزار منداڵ و بنەماڵی سەربەرزی بی ئۆمێد کراوی شەهیدانە کە هاوار دەکەن "خوێنی شەهیدان دابەش ناکریٚ" و ئەز پێیموایە "باباعەڵی" گەورە مرۆڤیش ناتوانیٚ وەنەوزی شەقامی کوردی بشکێنیٚ! بۆیە لە کۆتاییدا رووی خامەکەم لەو شۆڕشگێڕە کۆڵنەدرە دەکەم و پێی دەڵێم : **تۆ لە شەقامی کوردی گەورەتری.**